کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 18:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**گەر نەبمە وەزیر جنێونامەیەک دەردەکەم!! ... بەختیار سەعید**

لە بیرمە، کە قوتابی سەرەتایی بووین لە قوتابخانەی زێوەر، قوتابیەکی جنێو فرۆشمان لەگەڵ دابوو، هەموو جارێك دەیگووت: گەر نەبمە رابەری پۆل ئەوا، لەسەر رەقەم جنێوبارانتان دەکەم!! هەروەها مامۆستایەکیشمان هەبوو، هەتا بڵێی جنێوفرۆش بوو، چەندین جار هەوڵی دابوو، بیکەنە بەرێوەبەر هەر لەبەر ئەو رەفتارە قێزیۆنە ئەو پۆستە پیرۆزەیان نەدایە، ئەویش هەموو مامۆستاو قوتابیانی جنێوباران کرد، ئەوسا بەبریارێکی شەریفانە دەریان کرد! کورێکی هەلپەرست و لادەروخۆپەرست بوو، بەو ئاستەی کەس هاورێەتی نەدەکرد، هەتا بڵی ترسنۆك پیس و پۆخڵ و شتێکی عەنتیکە بوو، هەرجارێك یاریمان بکردایە دەیگووت: دەبی من یەکەمین کەسبم کە ئەو یاریە بکەم! ئێمەش کورانە ماوەمان نەدەدا بەشداری مان بکات، ئەویش جنێوی وای پێدەداین لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوو! لە تەمەنی خۆمدا زۆر کەسم دیوە ئەرکی سەرەکیان بۆتە جنێو ودان و سوکایەتی و تۆمەت هەڵبەستن بۆ مرۆڤەکان!! ئەوەشمان لە مێژوودا خوێندۆتەوە هەندێك لە شاعیرانی زەمەنی ئەوس و خەزرەج بۆ چەند درهەمێك بوونەتە زورنا ژەن و ماستاوچی خەلیفەکانی ئەوکات! ئەمرۆش چەند قلێك لەو گەنە شاعیرو نووسەرو رۆژنامەنووسانە وەك قارچك هەڵتۆقیون، کارو کاسپی و ئەرکیان بۆتە جنێودان و سوکایەتی و ناوزراندن، گەر ئاورێك لە تەمەنی ئەم پاشەڵپیسانە بدەیتەوە دەبینیت، کە رۆژانێك ئامۆزای مارکس بوون و دوای ئەوەش حزبەکانی سەوزو زەردو شینی ئاسمانیش کردوو، دواجاریش هەرهەمووویانی جنێوباران کردوو!! ئەوەتەی ئەم مەخلوقە لە دایك بووە هەر خەریکی سوکایەتی و جنێوبارانی خەڵکی بووە! سەرکردەو پێشمەرگەو کاربەدەست حکومەتە خومالی نەمابوو، ژەهری ئەم بەنی ئادەمەی بەرنەکەوتبێ!



تا لە هەندەران بوو کوردستانی بە خاك و ئاو مرۆڤ و گیانلەبەرەکانیشیەوە جنێوباران کرد! سەرکردە

نەما تۆ بە دزو جەردەو مافیا نەکردبێت

رۆشنبیر نەما پەلامارتان نەدابی

نووسەر نەما سوکایەتیتان پێنەکردبی

مردوو نەما ئێسك وپروسکی بە دەست ئێوەوە دەرنەهاتبێت

کاربەدەست و وەزیر نەما شاباشی جنێونامەی ئێوەیان وەرنەگرتبێ

خانمان و منداڵانی کوردستان نەماوەبە بە فەریکە شعروجنێونامەکانی ئێوە ئاشنا نەبووبێت

گەنج و لاو نەما ئێوە فێری قسە وقسەلۆکتان نەکردبێت

گەلۆ گەر پێدەچێت ئەم زورنا ژەنە نەکەن وەزیر، سبەینێ یەك نامیلکە وەك جنێونامە ئاراستەی سەرکردەکان بکات، هەروەکو چۆن هاوشێوەیەکی خۆی لە کابینەی پێشو هەر لە بەر ئەوەی نەکرایە وەزیر سکاڵایەکی ئاراستەی زەعیمی ئەمریکا کرد!!

دڵنیام ئێوەش ناکرێنە وەزیری رۆشنبیری چونکە هەرگیز نەبوە جنێو فرۆشێك بکرێتەوە وەزیری گشت مەملەکەتی کوردستان!! کە رابردووی هەمووی پۆخڵ و زەلکاو نەفاهیم و ئەم بەرو ئەو بەر بووە کە مەگەر هەر جاشەکان و خائینان کردبێتیان!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 18:17بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

تۆیەك بەسەر خۆشی لە هەولێری پان و بەرین و پایتەختی كوردستان لە هاوڵاتیەكتان داو ئەوساش دەپارایتەوەتوخوا با كەس نەزانێت بەسەرخۆشی بە مۆنیكاكە لە هاوڵاتیەكم داوە!!!
قسە زۆرە لە كاتی خۆی هەمووی بەیان دەكەم و وەشاندنی گەلێك سانایە!!!
نابیتەوەزیرو بەڵكو دەتوانیت جنێونامەكە دەربكەیت!

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.